www.kurdistannet.org
29-4-2007 15:29بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## با هەموو ئازادیخوازان پێکەوە دژی دوژمنانی (عەشق) و (خۆشەویستی) بێینە مەیدان! ... ئالا فەرەج

ala_faraj@yahoo. com

دوعا کچە لاوێکی تەمەن 17سال لە شارۆچکەی بەعشیقەی نزیك شاری موسل ئەژیا، بە دەلیلی ئەوەی کوریکی خۆش ویستوە، لەلایەن چەند کەسانیکی تا سەر ئیسقان دواکەوتوو وە دژ بە مافە هەرە سەرەتاییەکانی ژنان و لاوان، لە بەرواری 7ی مایسی 2004دا بەدار و بەرد و بلۆك تا دوا هەناسەی شیرینی ژیانی بەبەرچاوی کۆمەلیك کەسانی نزیکی خۆی و بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانی شارۆچکەی بەعشیقەدا، ئەیکوژن ... .

بەراستی لە عیراقێکدا کە بۆتە مەیدانی شەری کیشمە کیشی هەموو لایەنیکی سەردەمی خورافەو دواکەوتوویی ئیسلامی سیاسی، شەری ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب، شەری تایفە و عەشیرەتە جۆراوجۆرەکان، کۆمەلگایەك کە دیاردە جوان و ئینسانییەکانی تیا قەدەغە ئەکرێت، هەستی ئینسانی گۆرینەوەو خۆشەویستی و عەشق تیایدا قەدەغە ئەکرێت ولە شوێنی ئەمانە کوشتن و سەربرین و بەردبارانکردن و کاری تیرۆری ریگای پیئەدرێت، چەند مێژوویەکی پر شەرمەزارییە بۆ ئینسانی ئەم سەردەمە کە رووداویکی ئاوا بیویژدانانەو بیحورمەتییەك کە بە هەستی پاکی ئینسانەکانی ئەم سەردەمە ئەکرێت مەگەر هەر لە میژووی ئەمرۆی حوکمرانی عیراقدا جێگەی بێتەوە،

ئەم دیاردەیە لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری موسل دژ بە م کچە بیتاوانەساز ئەکریت و بەبەرچاوی دەسەلاتدارانەوە ئەنجام دراوە، جا ئەو دەسەلاتەی ریگە بەمە ئەدات، ئەگەر ئیسلامی سیاسییە، ئەگەر دینی یەزیدە کە چەند جار دەسەلاتدارانی حکومەتی یەکیتی و پارتی بە شانازییەوە باس لە وجودی ئەم دینە گەندەلە ئەکەن، ئەگەر دەسەلاتی پارتی و یەکیتییە، ئەوە خودی ئەم دەسەلاتانەیە کە زەنگیکی خەتارناکی داوە بە گویی کۆمەلگای عیراقدا ئەویش کۆپی کردنی سەنگەساری کچان و ژنانە لە وولاتە ئیسلامییەکانی وەك جمهوری ئیسلامی ئیران کە دەسەلاتیك تیایدا حاکمە بە خوینی ئینسانە عاشقەکانی کۆمەلگا تینوە، دەسەلاتیك کە بە دیاربوونی لاشەی ژنان و پیچانەوەی جەستەی ژنان ناوی لە میژووی ئیراندا مۆر کردوە، ئەبیت ئەم کۆپی کردنەی یاسای جمهوری ئیسلامی ئیران، هیچ مەجالیکی لە یاسای عیراقدا پی نەدریت، نابێت ریگە بدریت ئەم چەشنە تاوانانەی دژ بە ئاسایی ترین مافی لاوان ئەکرێت دووبارە بێتەوە و تاوانبارانی ئەم رووداوە، و هەموو ئەو کەسانەی لەپشتی ئەم پلانە گەندەلە بوون لە کوشتنیئەم ئینسانە بی تاوانەدا ئەبێت لەزووترین کاتدا دادگایی بکرێن و سزای توندی خۆیان وەربگرن..

ئەرکی هەموو ئینسانیکی ئازادیخوازو پیشکەوتخوازی کۆمەلگایە دژ بە ئەوانەی دیفاع لە ناموسپەرستی و کوشتنی ژنان ئەکەن، خەباتی خۆمان دژ بەم دینە بۆگەنانە توند تر بکەینەوە تا سەپاندنی یاسایەکی مۆدیرن کە کوشتن و لوت برین و بەردبارانکردنی کچان و ژنانی تیادا قەدەغە بکرێتولە جیگایدا یاسای جیایی دین لە دەولەتی تیادەستەبەر بکرێت، ...

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو

ئاڵا فەرەج

ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق – نوینەری فنلاند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.